**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٤**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٨//٩/٢٠٠٤**

## " بــڕیــار "

پشت بە حوکمی ماددەی (٣٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق و، دوابەدوای بڕیاری ژمارە (٢)ی ڕۆژی (٦/٤/٢٠٠٢)، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٤٨) ی ڕۆژی (٢٨/٩/٢٠٠٤) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز (عبدالکریم ابوبکر) زیاد دەکرێ بۆ سەر لیژنەی کاروباری یاسایی.

**دووەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز (حسن عبدالکریم زەمان) زیاد دەکرێ بۆ سەر لیژنەی کاروباری یاسایی.

**سێیەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز (عیدو بابە شێخ) لە ئەندامێتیی لیژنەی کاروباری یاسایی لادەبرێ ودەبێ بە ئەندامی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

**چوارەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز (نجاة یاسین) زیاد دەکرێ بۆ سەر لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا.

**پێنجەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز (مصطفی قادر محمود) لە ئەندامێتیی لیژنەی پێوەندیەکان لادەبرێ و دەبێ بە ئەندامی لیژنەی ئەشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە.

**شەشەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەڕێز ( نهلە محمد سعدالله) لە ئەندامێتیی لیژنەی ئەشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە لادەبرێ و دەبێ بە ئەندامی لیژنەی پێوەندیەکان.

**حەوتەم**: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرارکردنیەوە ڕێکەوتی (٢٨/٩/٢٠٠٤)ەوە دەخرێتە بەرکارو لە ڕۆژنامەی (پەرلەمان)و (وەقایعی کوردستان)یشدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**